www.kurdistannet.org
26/06/2003 01:33

الاتحاد العام اللاجئين العراقيين– فرع بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN

# رووداوی شارۆچکەی ریکس هام بەرهەمی سیاسەتی دژی انسانی دەولەتی بەریتانیایە وبەتووندی محکومە

دوینێ شـەو کۆمەلـێك لەدەسـتەوتاقمی راسیسـتی کـەژمارەیان ٢٠٠کەس بووە لە شارۆچکەی ریکس هام هێرش دەکەنە سەر کۆمەلێك خانووبەرە کە پەنابەرانی کوردی عیراقی تێدا نیشتەجێ بووە، سەرئەنجام ٤پۆلیس بریندارەدەبێ و١٢ کەس دەستگیر دەکرێ.

ئـەو رووداوە کوتوپـرە کـە ناکۆکـی ونائارامـی وئەمنـیتی دانیشـتوانی ئـەو شـارەو پەنابـەران بەتایبەتـی دەخاتـە خەتـەرەو بەرپرسـی راسـتەخۆی دەولەتـی بەریتانیایەومسـولە لەسـەرهەڵدانی رقـو کینـە و تـۆرەی لەبەرامبەر پەنابەراندا، دەست پێ کردنی ئەم پێکدادانە راسـتەخۆ لەکاتێکدا بوو کەدوورۆژی پیشو لەعیراق دا ١٢ سەربازی بەریتانیا دەکوژری وبریندار دەبێ، میدیا بەنرخی رۆژ نان خۆرەکان خیرالاپەرەکانی قەوم پەرستی وراسیستی دەکەنە سەرتیری باسەکانی رۆژیان.

دەولەتـی راسـتی بەریتانـیا گـەر لـەعیراق دا سەرچاوەی نائـەمنی وپێکهینانـی کێشـەی سیاسی ودەست گرتنی سەرۆك عەشیرەتەکان وزیـندو کـردنەوەی قەبـیلەکان وگـروپە ئیسـلامی و قەومـی ومەلەکـی یـەکانن، ئـەوا لـەدەرەوەش سەرچـاوەی تەبلیغاتـی راسیسـتی وەرکردنـی بـریاری دژی پەنابـەری وگەرانـەوەی پەنابەرانـی عیراقـین بـۆ دوزەخـیك لـێ هـەل هاتوون تا انسان کوژیەکانیان بشارنەوە وشـەرعیتەی بەشـەرەکەیان بـدەن کـە بـەرپایان کرد، وەك چۆن ئەوەی لەناوەوە رێگا بەهاتنە مەیدانی ئیرادەی خەڵکی عیراق نادەن، لەدەرەوەش بەفشار ناچاریان دەکەن پلانیان بۆ دەسازن و دەیانەویت بیان گیرنەوە.

ئـێمە لەفدراسـیونی گشـتی پەنابەرانـی عیراقـی لـە بەریتانـیا ئـەو رووداو هیرشـانە بـۆ سـەر پەنابەرانی کوردی عیراقی محکوم دەکەین ودەولەتی بەریتانیا راستەخۆ بە بەر پرسیار لە پارستنی ئەمنیتی پەنابەران دەزانین.

**فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

**٢٠٠٣-٦-٢٥**

P. O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d. jamal@ukonline. co. uk